نژۆ ئەحمەد
یاریزانی تیپی باڵەی دەربەندیخان:

# پێویست نییە یانەکان پشت بە یاریزان و ڕاهێنەری بیانی ببەستن



تیپی باڵەی کچانی یانەی دەربەندیخان یەکێکە لەو تیپانەی کە لە دەڤەرەکەیان گرنگیی زۆر بە کچانی شارەکەیان دەدەن، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە لە سنووری قەزای دەربەندیخان تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە لە خولی باڵەی کوردستان و عێراق کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکەن. نژۆ ئەحمەد یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە، هەرچەندە تەمەنی بچووکە، بەڵام داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانی دەکات، نژۆ لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی دەربەندیخانە و قوتابیی قۆناخی بنەڕەتییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** بۆچی یاریی باڵەت هەڵبژارد؟**

-هەر لە منداڵییەوە حەزێکی تایبەتم بۆ وەرزش هەبووە، یاریی باڵەش ئەو وەرزشە بوو کە بە شێوەیەکی جیاواز حەزم لێی بوو، بۆیەش خۆم لە نێو ئەم یارییەدا دۆزییەوە.

*** بەشێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی باڵە لە شارەکانی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- تا رادەیەك مامناوەندە.

*** وەکو یاریزانێکی لاو، ئایا کەم ئەنجامدانی پاڵەوانێتی ئێوە لەم یارییە سارد ناکاتەوە؟**

- ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە، بەڵام ئەگەر ئەنجامدانی دوابکەوێت، یان نەکرێتەوە، یاریزان لە مەشقی بەردەوام سارد دەبێتەوە و هەوڵدان و تێکۆشان بۆ دەرخستنی بەهرەکانی کەم دەبێتەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- زیاتر گرنگیی پێ بدرێت، باشترین کار بۆ ئەوەی بکرێ ئەوەیە لایەنە پەیوەندییدارەکان و کاربەدەستەکان هاوکاریی ئەم یارییە بکەن و گرنگیی زیاتری پێ بدەن، بۆ ئەوەی حەزی ئەم یارییە لای کچان دروست بێت.

* کارگێڕی یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکات؟

- تا رادەیەکی باش هاوکارمانن، بەتایبەت سەرپەرشتیاری باڵە کاك سیروان کە هەموو کات پاڵپشتی تیپەکەیە.

*** لە ژیانی وەرزشیت بە هیوای چیت؟**

- هیوا و ئاواتی من ئەوەیە ببمە یاریزانێکی بەتوانا و باش کە بتوانم لە رێگای وەرزشەوە خزمەتی یانەکەم و شارەکەم بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پەنا بۆ یاریزانانی بیانی ببەن؟**

-نەخێر، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم یانەکان پشت بە یاریزان و راهێنەری بیانی ببەستن.

*** داواکاری و پێشنیارت لە بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە وەرزشی تۆپی باڵە بدەن، وەکو یاریی تۆپی پێ .

*** ئایا بە هیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان لە یاریی باڵە دابمەزرێ؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەوە خەونی هەموو وەرزشوانێکە.

*** لە یاریی تۆپی باڵە بە کام یاریزان سەرسامیت؟**

-زۆر سەرسامم بە یاریزانی بەتوانای بەرازیلی (flaviamontes)هیوادارم لە وەرزشدا بگەم بە ئاستی ئەو یاریزانە.

*** ئایا ئەندامانی خێزانەکەت هاوکاریت دەکەن؟**

-زۆر سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە هاوکار و رێگەپێدەرم بوون، تا رادەیەکی زۆر باش پاڵپشتن، سوپاس بۆ راهێنەرەکەم مامۆستا بەرێز و کاك دانا کە منیان گەیاندە ئاستێکی باش.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشدان.

# گواردیۆلا قسەی خۆی لەسەر رۆیشتنی رۆنالدۆ و ریال مەدرید کرد




راهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی پێیوایە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی زۆر کاریگەر نەبووە بە رۆیشتنی کریستیانۆ رۆناڵدۆ.

لە یەکەم وەرزی بەبێ رۆناڵدۆ ریال مەدرید زوو لە چامپیۆنزلیگ دەرکرا.

پێپ گواردیۆلا لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، گوتی: رۆناڵدۆ وەک مێسییە، پیاوێکە دەتوانێت لە وەرزێکدا ٥٠ یان ٦٠ گۆڵ تۆماربکات، بێگومان تیپەکەی بە رۆیشتنی هەندێک رووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، بەڵام ئەوە وەرزی دووەمە ریال مەدرید بەبێ ئەو یاری دەکات، بۆیە بەبێ رۆناڵدۆش تیپێکی بەهێزە.

گواردیۆلا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:سەیری یارییانم کرد، هەندێ شت دەکەن پێشتر نەیانکردووە، ئەوان چاوەڕێ ناکەن راستەوخۆ دەست بە هێرشبردن دەکەن.

پێپ هەروەها گوتی: ئەوان بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو لەنێو یاریگەدا تێدەکۆشن، بەهۆی کوالیتی بەرزی یاریزانەکانی.



# بایرەن میونیخ بۆ کڕینی کۆتینهۆ مەرجی هەیە

یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانیی مەرجێکی بۆ مانەوەی کۆتینهۆ لە یانەکە داناوە، ئەگەر جێبەجێی بکات لە کۆتایی ئەم وەرزە یانەکە کۆتینهۆ لە بەرشلۆنە بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەکرێتەوە.

رۆژنامەی بیلدی ئەڵمانیا لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە، کە یانەی بایرن میونیخ ئاگاداری کۆتینهۆیان کردۆتەوە ئەگەر دەیەوێت لە یانەکە بمێنێتەوە پێویستە خۆی بسەلمێنێت.

کارل هاینز رۆمینیگی سەرۆکی یانەی بایرن میونیخ لە لێدوانێکدا جەخت لەوە دەکاتەوە هێشتا داهاتووی کۆتینهۆ روون نییە، دەشڵێت: کۆتینهۆ لە هەندێك یاری ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات، لە هەندێك یاریش چاوەڕێی ئاستێکی بەرزتری لێ دەکەین.

رۆمینیگە گوتیشی: مانەوەی کۆتینهۆ لە بایرن میونیخ پەیوەستە بەخودی یاریزانەکە، ئەگەر ئاستێکی زۆر بەرز پێشکەش بکات ئامادەین ئەو یاریزانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە بەرشلۆنە بکڕینەوە.

کۆتینهۆی تەمەن ٢٧ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٩ بەشێوەی خواستن بە هەشت ملیۆن یۆرۆ روویکردە بایرن میونیخ، لەگەڵ ئەم یانەیە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان بەشداریی لە ٢٨ یاری کردووە، ٧ گۆڵ و ٨ ئاسیستی هەیە.

# ١٠٠٠ ڕۆژ بۆ دەستپێکردنی مۆندیالی ٢٠٢٢ ماوە



پاش ١٠٠٠ ڕۆژی دیکە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست میوانداری گەورەترین ڕووداوی وەرزشی دەکات کە مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەرە لیژنەی سەرپەرشتیاری مۆندیالی قەتەر، بڵاوکراوەیەکی لەسەر دوایین ئامادەکارییەکانی بۆ مۆندیالی داهاتوو ڕاگەیاند.

لیژنەکە ئاشکرایکردووە لە کۆی هەشت یاریگەی تەرخانکراو بۆ ئەو ڕووداوە، دوو یاریگە بەتەواوی ئامادەن و کارکردن تێیاندا تەواوبووە.

لە ڕووی ژێرخانیشەوە، کارکردن بۆ ڕاکێشانی هێڵی میترۆ و گەورەکردنی فڕۆکەخانەی دەوحە تا توانای پێشوازیکردنی هاندەرانی هەبێت، بەردەوامە.




جیانی ئینڤانتینۆی سەرۆکی فیفا لەبارەی ١٠٠٠ ڕۆژ ماوە بۆ دەستپێکردنی مۆندیال دەڵێ هیچ وڵاتێک، کە پێشتر میوانداری مۆندیالی کردووە، هێندەی قەتەر ئامادەنەبووە.

ئینفانتینۆ زیاتر دەڵێ: قەتەر دەیەوێ جیهان سەرسام بکات و لە ڕێگەدایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی.

لە هەمان بڵاوکراوەدا سەرۆکی لیژنەی کەلتووری قەتەر، کە سەرپەرشتی مۆندیال دەکات دەڵێ لە دە ساڵی ڕابردوودا، هەموو ڕۆژێکی ژیانمان بۆ ئەو ڕووداوە تەرخانکردووە و ئێستا لە هەموو کات ئامادەترین.

لیژنەکە لە کۆتاییدا دەڵێ سوودی زۆرمان لە میوانداریکردنی مۆندیالی یانەکان کردووە و ئێستا زیاتر دڵنیابوینەتەوە لەوەی چۆن دەتوانین بەباشترین شێوە مۆندیال ڕێکبخەین.

# دڵسۆزیی یاریزانەکان چەمچەماڵی گەیاندە خولی نایابی کوردستان




تیپی تۆپی پێی یانەی چەمچەماڵ بە دوو ساڵ هەردوو خولی پلە دوو و پلە یەکی یانەکانی کوردستانی بڕی و خۆی گەیاندە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، یانەکەش بە ڕاهێنەرایەتیی هەرێم بورهانی لاو، پلانی هەیە تا بتوانن ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنن، هاندەرە زۆرەکەی یانەکەش هۆکار بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە بارەی سەرکەوتنی یانەکە بۆ خولی نایابی کوردستان، هەرێم کەلاری ڕاهێنەری یانەی چەمچەماڵ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان لە سەرەتای خولەکەوە زۆر باش بوو، لە سەرەتای کارکردنم لەگەڵ یانەکە تەنیا هۆکاری سەرکەوتنەکان لەم ئیدارە خۆبەخش و دڵسۆزە و یاریزانان بوو، کە بە ڕۆحییەتێکی پڕ لە خۆشەویستی و برایەتییەکی تۆکمەی نێوان خۆیان و گڕ و تینی ئەو هاندەرە پڕ جۆش و خرۆشانەی کە لە سەرجەم یارییەکاندا هەبوون، هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنەکان بوون و لە کۆتاییدا بەشێکی کەمی بەر من دەکەوێ، تەنیا هەوڵی من لەگەڵ یانە و یاریزانان ئەوە بووە کە هەمیشە ویستوومە لە خێزانێك و لە برایەك زیاتر بین بۆ یەکتری و هەموومان بە دڵێکی لێبوردە وە هاوکاریی یەکتری بکەین و خزمەت بە یانەکە بکەین»، هاوکات گوتیشی: «گەورەترین کێشەی داراییمان هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خودا و بۆ ئیدارەی یانەکە، کە تا ئێستا نەبۆتە هۆکاری سارد بوونەوە و هیچ کاریگەریی خراپی لەسەر ئاستی یاریزانان و تیپەکە دروست نەکردووە، هیچ یاریزانێك هیچ بڕە پارەیەکی لای یانە نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستافە چالاکەی کە یانەکە بەڕێوە دەبن، بەدەر لەوەش هیچ گرفتێکمان نەبووە، ئێستاش زووە بۆ پلاندانان بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، چونکە خولەکە ماوەیەکی زۆری ماوە» .

فۆتۆ:هێنەر یعقوب

# سیروانی نوێ کێبڕکێ لە سەر ئەنجامی شایستە دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانی لە قۆناغی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستاندا دەیەوێت تیپێکی جیاواز بێت، کە ئێستا خاوەنی ٢١خاڵە لە کۆی ئەنجامدانی ١٤یاری، بۆ ئەم قۆناغەش یانەکە بە ڕاهێنەرایەتیی ڕزگار عەلی ڕاهێنەری یانەکە، ئامادەکاریی بەردەوامی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن لەو یارییانەی ماوە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، یانەکەش چاوی لەوەیە ئەنجامی تیپەکەی بەدڵی هاندەرانی یانەکە و کارگێڕیی یانەکەی بێت، لەم بارەشەوە ڕزگار عەلی ڕاهێنەری یانەی سیروانی نوێی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەردەوامین لە ئامادەکارییەکانمان بۆ ئەو یارییانەی کە ماومان، وەکو دەستەی ڕاهێنەرانیش دەمانەوێ کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەین، ئێمە هیچ گۆڕانکارییەکمان نەکردووە و بە هەمان پێکهاتەوە بەردەوام دەبین لەم یارییانەی ماومان»، گوتیشی: «کارگێڕیی یانەکە پارەی پێویستی لە بەردەست نییە بۆ ئەوەی بتوانین یاریزان بهێنین، بەڵام ئێمە بەردەوامین لەم وەرزە، چونکە هەموو یانەکان کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە قۆناغی یەکەم ئەنجامان وەکو پێویست بووە و دەمانەوێ لە ئاستە باشەکەمان بەردەوام بین و هەموومان بە یەك دەست تیپەکە ببەینە قۆناغێکی تازە، بۆ ئەوەی بتوانین لەم یارییانەی کە ماون ئەنجاممان دڵخۆشکەر بێت، وەکو دەستەی ڕاهێنەرانیش متمانەی تەواومان بە خۆمان و یاریزانانی تیپەکەمان هەیە، کە دەتوانین لە قۆناغی یەکەمدا ئەنجاممان باشتر بکەین.»



# ئەرسەلان جەلال چاوەڕوانی گرێبەستە

ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری دیاری کوردستان دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی دەربەندیخان نەیتوانی بەردەوام بێت و، بەر لە دەستپێکردنی خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، هەرچەندە لە چەند یانەیەکی کوردستانیشەوە چەندین گرێبەستی پێشکەش کراوە، بەڵام لەگەڵیاندا نەگەیشتۆتە ڕێککەوتن، بۆ ئەوەی مەشقی یانەکان وەربگرێت، ئێستاش بەرنامەیەکی تازەی بۆ خۆی داناوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەیەك ڕێکبکەوێت، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە دانیشتووم و بەرنامە و بیرۆکەیەکی دیکەم ڕێکخستووە، کەی یانە هەبوو، وەری دەگرم، بەس بە مەرجێك بتوانم کاری تێدا بکەم، ئێستا کار لە سەر ئەوە دەکەم کە بتوانم یانەیەك وەربگرم تا بە یەکەوە کاری باش ئەنجام بدەین»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستی دیکەش ئەرسەلان گوتی: «لە دوای یانەی دەربەندیخان گفتوگۆ هەبووە، بەڵام ڕێککەوتنی کۆتایی نەبووە، لە یانە نایاب و پلە یەك و پلە دووەکانیش گرێبەستم پێشکەش کراوە، چاوەڕوانی یانەیەکم کە بتوانم کاریان لەگەڵ بکەم، بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم، ئەو کاتیش بە بەرنامە و پلانی تازەوە دێمەوە کاری ڕاهێنەرایەتی.»

